# خولی ئیتالیا.. ئینتەر دەربی لە یوفی بردەوە



لە خولی ئیتالیا و لە یارییەکی بەهەزدا ئینتەر میلان بە چوار گۆڵ بەرامبەر بە دوو گۆڵ لە یۆفانتەسی بردەوە.

لە یاریی لوتکەی هەفتەی 25ی خولی ئیتالیا، یانی ئینتەر میلان لە یاریگای خێیدا میواندارای یۆفانتەسی کرد.

تایمی یەکەم، هەردوولا بە بەهەزی دەستیان پێکرد، بەڵام لە خولەکی 17 کامبیاسۆ بە هەڵە گۆڵکی لەخێیان تۆمارکرد و بووە هۆی پێشکەوتنی ئینتەر.

بەڵام لە خولەکی 26 کامبیاسۆ تۆڵەی هەڵەکەی کردەوە و گۆڵی یەکسانبوونی بە یوفی تۆمارکرد، لەگەڵ ئەوەشدا یوفی تووشی نەهامەتی هاتوو لە خولەکی 42 کالولو بە کارتی سور کرایە دەرەوەی یاریگا، نیوەی یەکەمیش بە یەکسانبوون کۆتایی هات.

لە تایمی دووەم، لە خولەکی 76 ئیسپەزیتە ئینتەری پێشخستوو، بەڵام لەکاتێلی هەشت خولەک دواتر دووبارە ئەنجامەکەی بە یوفی یەکسانکردەوە.

ئینتەر پشتبەست بە کەمی یاریزانەکانی خانەپیرەکە هەر باڵادەستبوو، بەمەش زیلینسکی لە

کۆتا خولەک گۆڕانی بردنەوەی بە تەمارکردن.

سەرەنجام یاریەکە بە سێ گۆڵ بەرامبەر بە دوو گۆڵ لە سودی ئینتەر میلان کۆتاییهات و بەم ئەنجامە بە کەکردنەوەی 61 خاڵ پێشەنگی بەهەزتر کرد، یوڤیش پلەی چوارەم.